هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ١٠٦٢٨

Date: ڕێکەوت: ١٥ / ٨ / ٢٠١٨ زاینی
٢٦ / ٥ / ٢٧١٨ کوردی

Ministry of Higher Education and Scientific Research 2006 KRG Iraq
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٨)

**ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٥)ی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٦)**
**ڕێنمایی هەمواری پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بەپێی ئەو دەستەڵاتانەی پێمان دراوە بڕیارمان دا بە هەموارکردنەوەی تەوەری (چوارەم/ خاڵی-٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٥)ی خوێندنی دکتۆرا، هەروەها تەوەری (چوارەم/خاڵی ٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا، بەم شێوازەی لای خوارەوە:

بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا (٢) دوو توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا بڵاوبکاتەوە لە گۆڤارێکی زانستی (محکم)ی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بە بەرچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەگەر گۆڤارە زانستیەکە (محکم)ی ناوخۆیی بوو ئەوا مەرجە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا بێت:-

١. لە لایەن زانکۆیەکی حکومی یاخود تایبەت لە هەرێمی کوردستان دەربچێت و مۆڵەتی فەرمی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان وەرگرتبێت و هەموو مەرج و پێوەرەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی دەستەبەر کردبێت.
٢. لە لایەن زانکۆیەکی عێراقی دەربچێت و مۆڵەتی فەرمی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەرگرتبێت و ئەو زانکۆیەی گۆڤارەکەی لێدەردەکرێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان دانپێدانراو بێت.
٣. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زاستی لە کۆلێژ/فاکەڵتی یان لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ناوەندی زانکۆ ڕاستاندن بۆ ڕەسەنایەتی گۆڤارەکە دەکات.

**دووەم:** ئەگەر گۆڤارە زانستیەکە (محکم)ی نێودەوڵەتی بوو ئەوا مەرجە ئەم خاڵانەی تێدا بێت:

١. لە لایەن یەکێک لەم لایەنانەی خوارەوە دەربچێت:-

أ. لە لایەن زانکۆیەکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی لە لیستی یونسکۆ یان دەزگایەکی ئەکادیمی زانستی باوەڕپێکراو.

ب. لە لایەن دەزگایەکی چاپی ئەکادیمی نێودەوڵەتی یا کۆمەڵەیەك (ڕێکخراوێك)ی ئەکادیمی نێودەڵەتی دەربچێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە گۆڤارەکە فاکتەری کاریگەری (Impact Factor)ی هەبێت و لە سیستمی (Thomson Reuters) تۆمار کرابێت.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

٢. بە شێوەیەکی دەوری رێك و پێك دەربچێت و بە لایەنی کەم ساڵی (٢) دوو ژمارەی لێ دەربچێت.

٣. هەڵسەنگاندنی زانستی (Peer Review) لە لایەن پسپۆری وورد بۆ هەموو توێژینەوە بڵاوکراوەکانی ئەنجام بدات.

٤. ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی (ISSN) ی هەبێت.

٥. گۆڤارەکە (DOI)ی هەبێت.

٦. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زاستی لە کۆلێژ/فاکەڵتی یان لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ناوەندی زانکۆ راستاندن بۆ ڕەسەنایەتی گۆڤارەکە دەکات.

**سێیەم:** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006 KRG Iraq وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەرکەوە

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:-**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی داد / رۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- راوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- راوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری تواناسازی/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2562696
www.mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان– هەولێر، رێگای کەرکوك، شەقامی هادی چاوشلی
بگۆری وەزارەت:(٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨_٠٧٥٠١٤٤٦٧٦٨) بەڕێوەبەرایەتی
یاسا: ٠٦٦٢٥٦٢٦٩٦